# وتووێژی مامۆستا برایمی ئەفخەمی

ئەم شریتی دەنگەی لێرەدا دەیبیسن، کاک ناسری سینا لە سەر لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی بڵاوی کردۆتەوە. شریتەکە، چاوپێکەوتنێکە لەگەڵ مامۆستا برایمی ئەفخەمی و پرسیار و وەڵامێکە سەبارەت بە مێژووی کەونارای بۆکان.

بە گوێرەی ڕاگەیاندنی کاک ناسر، وتوێژەکە کاک "سولەیمان مەسروور" لە ساڵانی ١٣٦٠ ی هەتاوی [هەشتاکانی زایینی]دا لە بۆکان بەڕێوەی بردووە و بەڕواڵەت دەبێ بۆ بەرنامەیەکی ڕادیۆی کوردیی مەهاباد بەرهەم هاتبێت کە نازانم لەکاتی خۆیدا لەوێدا بڵاو بۆتەوە یان نا؟

بابەتی پرسیار و وەڵامەکان مێژووی کۆنی بۆکان و شوێنەوارە لەمێژینەکانی ناوچەکەیەتی. وەک لە وەڵامەکانی مامۆستا برایم دەردەکەوێت، دەبێ وتووێژەکە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی خۆی واتە "تاریخ فرهنگ بۆکان و ادب مکریان – بۆکان" بەڕێوە برابێت لەبەر ئەوەی لە چەند شوێندا ئاماژە بە ناوەرۆکی ئەو کتێبە دەکات. بەداخەوە چاپی یەکەمی کتێبەکەش ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی بەسەرەوە نییە و تەنیا لە ڕێکەوتی نووسرانی سەرەتاکەیەوە دەزانین کە دەبێ لە ساڵی ١٣٦٤ [١٩٨٥] یان ماوەیەکی کەم دوای ئەوە بڵاو بووبێتەوە.

هەرچۆنێک بێت، ئەو کارەی کاک ناسر بۆ بڵاوکردنەوەی دەنگی ئەفخەمی جێگەی پێزانینە، لەبەر ئەوەی دەزانین مامۆستا برایم بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر هاوکاریی ڕادیۆ مەهابادی کردووە و بەرنامەی بۆ تۆمار کردوون بەڵام واهەیە ئێستا هیچکام لەو بەرنامانە نەپارێزرابن یان ئەگەریش پارێزرابێتن، بڵاو نەکرێنەوە.

هەر چۆنێک بێت، قسەکانی مامۆستا برایم سەبارەت بە مێژووی پێش ئیسلامی بۆکان و ناوچەکە سەرنج ڕاکێشن و تێیدا بۆکان بە پادگانی ئەشکانیان و ساسانیان ناودەبات و دەڵێ ٣٨ شوێنی مێژوویی ناوچەکە لە لایەن وەزارەتی فەرهەنگ و هونەری ئێرانەوە تۆمار کراون. لەوانە، قەڵایچی، فەرهادتاش (سماقان) ، بی بی کەند (هۆرتەکەند) .

سەبارەت بە بۆکان مامۆستا دەڵێ پێشتر ناوی "شارەکۆن" بووە کە بە بوومەلەرزە وێران بووە و پاشان لە شوێنی ئێستا دروست کراوە. بە گوێرەی ئەو، ناوی بۆکان وەک بێکان و بووکانیش هاتووە.

مامۆستا باس لە حوسەین قوڵی بەگ (مەردانبەگی) دەکات وەک خاوەن مڵکی بۆکان پێش سەردار عەزیزخان و دەڵی ئەودەم بۆکان ١٢ ماڵ بووە کە هەمووی لە دەوری حەوزەگەورە کۆبوونەتەوە.

مامۆستا باس لە کتێبێکی دیکەی خۆی دەکات بەناوی کتێبی سەرداران بوکان، کە دەڵێ تێیدا خەتیان و خدەماتیان و ئاساریانی تۆمار کردووە. من هەواڵی ئەو کتێبەم نییە و هیوادارم کەس وکاری مامۆستا بڵاوی بکەنەوە و نەهێڵن بفەوتێت.

ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەی قسەکانی مامۆستا برایم لە شریتەکەدان:

عەزیز خان و فەڕوخ خانی برای لە نستانی گەورکەوە دێن بۆ بۆکان ومیوانی حوسەین قوڵی خان بوون و لەوێوە دەچن بۆ تەورێز.... عەزیزخان لە دارالفنون دەرسی نیزامی گوتوتەوە و کتێبێکی لە فنوونی نیزامیدا نووسیوە.

کورانی عەزیز خان: عەلی خانی سەردار و سەیفەدین خان بوون.

عەزیزخان ناوی گوندی "چاوان" ی گۆڕی و بە ناوی کوڕەکەیەوە کردیە "عەلیاباد".

عەزیزخان دەرسی عیلمی مەنتیقی لای مەلای پیرەباب خوێندووە.

سەیفەدین خانی سەردار لە ٧ ساڵیدا بوو بە حاکمی سابڵاغ و بۆکان و ئەو شارانەی دەوروبەر. سێ گوندی یێنگیجە، کەرێزە و قازڵیانی فرۆشت بۆ خەرجی تەکمیلی قەڵا و حەوزەگەورە و مزگەوتی جامیعی بۆکان. موهەندیسی لە ڕووسیاوە هێنا و بە ترومپایەک و بە یارمەتی دوو تەختە ئاسن، ئاوی حەوزەگەورەی ٢٠٠ میتر بۆ سەر قەڵا هەڵدەداشت.

ژاک دومۆرگان گوتوویەتی سەیفەددین خان لە ٢٩ ساڵیدا دەرمانخۆر کراوە و بە مردنی ئەو پشتی دەوڵەتی ئێران شکاوە.

سەیفەددین خان سەردەرابادی دروست کرد.

حەمە حوسەین خان لە ١٣٣٣ دا شەهید کرا.

قەڵا تا سەردەمی  سەردار عەلی خان مەحفووز ما.

شوێنەواری باستانی بۆکان: ٣٨ فەقەرە: وەک  شێخلەر و تیکان تەپە و ئەحمەدئاوا، قەڵایچی، باخچە، تەپی و شاریکەند  تاریخیان تا ٢٥٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە دواوە.

ئەوە ئەدرێسی "ساوند کلاود" یا سەرچاوەی من بۆ ڕاگواستنی ئەم زانیارییانە بە سپاسی زۆرەوە بۆ کاک ناسری سینا کە ئەم بابەتە و گەلێک بابەتی بەکەڵکی دیکەی لەوێدا ڕاگەیاندووە:

https://soundcloud.com/nassersina/birayim_efxemi_bokan